# ئەو

# بۆ... هاوسەرەکەم



**شیعری : جابر محمد جابر**

**وەرگێڕانی لە عەرەبیەوە: صلاح جلال**

خەوەکانی دەستەمۆ کرد
جێی هێشتم به پێوە دەڕۆیشتم
بەسەر کەناری گۆنای ئازارمەوە
ئەو..
شیری خەمم دامێ
خوێنمی پڕکرد لە چرا
پێم دەڵێ:
کۆتر پەنجەرەکانتی ئاگردا
سپێدەت بە تەپو تۆزەوە هەڵواسراوە
یاری بەتەڕو برِی بۆشاییەوە مەکە
دەسکاری نەعرەتەی گوڵ مەکە
تۆ.. ئەو تۆیت؟
گەمەی ئەڤینی ئەستێرەکان به چراکان دەدەیت
وە پانتایی نێوان پەنجەکانت
ئاوی تیادا ئەسوتێت
بۆچی لە قەراغ دەریاچەکە خەوەکانت جێهێشت؟
تا ماسیەکان گەمەی ئەڤین بکەن
بۆچی پێکەکەت تەنها کرد لە ئێوارە یەک ؟
کە پڕ بە دارستانی فرمێسکە
یاخود پتر..

دەنوکی کات جێدەهێڵم بۆ وەرزەکان
هەڵەکانت بەبیرچونەوە تاقیدەکەمەوە
بەڵکو جەستەت کۆبکەیتەوەو بڕۆیت..
بۆ

***

ئەو .. ئەو
هەمیشە فرمێسکەکانم دەدزێت
لەبەرەبەیاندا
بەگومان یاری بە ختوکە ئەکرد
من سکاڵای کەشەکانی ناکەم
پەنجەرەکانم نەبون بە گۆڕستانێک بۆ نەورەسەکان
سپێدەم بۆنی تەپ وتۆزی گرتوە
کاتێک هاوڕەگەزیەک لەنێوان شتەکان..شتەکاندا ئەنجام دەدەم
گوڵ ئاسا نەعرەتەی دەکێشێت
ئازارەکانی دەسوتێنێت
لە ئێوارەیەکدا..
بوارم دا یاری بە زەمەن بکات
لەگەڵ پەیڤەکان بجەنگێت
(لەخۆشیەکانی نزیک نەبومەوە)
کاتێک ئالودەی بووم
گریانم ئاشکرای کردم
لەبەر ئەوە..
ڕۆحم لا جێهێشت و
پاشماوەی جەستەم کۆکردەوە
بەرە و ئەو کۆچم کرد.

سەرچاوە: (احلام مبللە( شعری )جابر محمد جابر( چاپی یەکەم بغداد 2007
لە ژمارە (40)ی گۆڤاری هەنار لە 2009/6 دا بڵاو بۆتەوە.